www.kurdistannet.org
1-8-2007 20:31 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## ڕونکردنەوەیەک لەتەلەفزیۆنی یەکگرتوو کەناڵی هەولێر

پاش رونکردنەوەی راگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف سەبارەت بەبڵاو کردنەوەی ناوی حاجیانی هەرێمی کوردستان تەلەفزیۆنی یەکگرتوو- کەناڵی هەولێر ئەم رونکردنەوەیدا....

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبانەوە

لەسەر بانگهێشتی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی حکومەتی هەرێمی کوردستان تیمی راگەیاندنی تەلەفزیۆنی یەکگرتوو – کەناڵی هەولێر - لەبەرواری 2007/7/29 ئامادەی کۆنگرەی رۆژنامەگەری تایبەت بەرێورەسمی تیرو پشکی ناوی حاجیانی هەرێمی کوردستان بوو.. وەك نەریتێکی ساڵانەی خۆمان و بۆ خزمەت کردنی حاجیانی بەرێزی کوردستان بەئەرکی سەرشانی خۆمان زانیوە کەلەکەناڵەکەمان ناوەکان بڵاوبکرێنەوەو هەربۆ ئەم مەبەستەش بانگهێشتی کرابووین و بەرێز بەرێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەت داوای لەدەزگا راگەیاندنەکان کرد کە هاوکارییان بکەین بۆ بڵاوکردنەوەی نەك بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەرەسمیەکان وەك راگەیاندنی ناوبراو ئاماژەی پێداوە!، ئەوەش مافێکی سەرەتای گشت دەزگا رۆژنامەوانیەکانە لەکاتێکدا بڵاونەکردنەوەی دەگەرێتەوە بۆ خودی دەزگاکان و ئێمە پابەندنین بەبڵاونەکردنەوەی لەلایەن تەلەفزیۆنەکانی ترەوە..

لامان سەیر بوو راگەیاندنی وەزارەتی ناوبراو گومانبخاتە سەر مێداقیەتی رۆژنامەوانیمان و دوور لەپرنسیپەکانی شەفافیەت وئازادی رۆژنامەوانی و سەبقی سەحەفی و قۆرخ کردنی بۆ هەندێ دەزگای رۆژنامەوانی!. لەکاتێکدا پێویست بوو سوپاسمان بکەن لەسەر هاوکاری و کارئاسانی و وەك ئەرکێکی خزمەت گوزاری بۆ حاجیانی کوردستان..

ئێمەلەکاتێکدا بۆ سەرجەم جەماوەری بەرێزی کەناڵەکە و سایتەکەمان رایدەگەیەنین کە ئەو ناوانەی بڵاومان کردۆتەوە هەمان ئەوناوانەیە کە وەزارەتی ئەوقاف رایگەیاندوەو لە رۆژنامەکان بڵاوکراوەتەوە.

هەروەها پەیمان بەجەماوەر و بینەری کەناڵەکەمان دەدەین هەروەك چۆن پێشەنگ بوینە لەگواستنەوەی هەواڵ و رووداوەکان و گەیاندنی راستیەکان بەهەمان شێوە بەردەوام دەبین لەسەر خزمەت کردنی خەڵکی کوردستان..

تەلەفزیۆنی یەکگرتوو
کەناڵی هەولێر
31/7/2007

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.